

# برگەی شەشەم

## پیاو کوژەکان [مرۆڤکوژەکان]

مافناس –حەسەن ئەیوبزادە

**پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە( حەییاکیی) بەوەرگێڕدراوی دەقە کوردییەکەی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان**

**١۴**

لە بەشەکانی بەرێدا باس لە هەزاران تەزویری مامۆستا مەلا عەبدوللا حەسەنزادە (حەییاکیی)لە پێداچوونەوەکەیدا بە دەقی وەرگێردراوی کتێبی خولیاومەرگی رەحمانی کورد بە زمانی کوردیی کراو گوتمان کە ناوبراو بێ ئەوە ئەلف و بێی زمانێکی بیانیی زانیبێ، خۆی لەو کتێبە وەرگێردراوەی مامۆستا کاویان کردووە بە ئێدیتۆر. لە بەشانەیدا کە بڵاوکراونەوە نیشاندرا کە مەبەستی ناوبراو بۆ ئەوتەزویرانە چەواشەکاریی، شاردنەوەی واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوو، عەبدوللا قادریی ئازەر و پاکانە کردن بۆ تێرۆریستەکانی علی اکبر هاشمی رفسنجانی و ئێتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاودەستەکانیان بووە.

تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا دانپێدانانی ناوبراون بە هاوکاریی چڕوپڕی خۆی لەگەل دەزگای جاسوسیی سپای پاسداران و تێرۆریستەکان و هادەستە کوردەکانی دەزگای ئیتتیلاعاتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران. دەسپێکی هاوکاریی مەلا عەبدوللا لەگەڵ دەزگای جاسوسیی رژیم، دوای رێکەوتنی مامۆستا جەلال تالەبانیی و وەفدەکەی لە تاران لەگەل پاسدار باقری ذوالقدر لە مانگی دەی ساڵی ١٩٨٦ و جیابوونەی بەشێک لە ئەندامانی حدکا بووە. باقری ذوالقدریش، پاسدارێکی مافیوزیی تێرۆریست لەگروپی مافیوزە شیرازییەکانی ناو سپای پاسداران بووە. بۆناسینی ئەو تێرۆریستە بروانە ئەو لینکە.[1] ئەو بابەتە بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە. لەو بابەتەدا بنیصدر سەرکۆماری پێشتری ئاخوندەکان لەسەر باقری ذوالقدر و پێوەندیی ئەو تێرۆریستە بە رێکخراوەی القاعدە لەیەن دادگەیەکی یەکێ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەبارەت بە دیداری ئەو تێرۆریستە و ایمن الظواهری جێگری بنلادەن پرسیاری لێکراوە.

### یەکگرتنی تاڵەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقری ذوالقدر و تواندنەوەی تەنزیمەکەی لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداراندا

سەرۆک تاڵەبانیی لە مانگی دەی ١٩٨٦لەگەڵ وەفدێکی پێنج کەسیی چووبوو بۆ تاران و رێکەوتنێکی نە قانوونیی لەگەل ئەوپاسدارەی کە ناوبردرا ئیمزاکرد.[2] بە پێی ئەو رێکەوتنەی تاڵەبانیی و وەفدەکەی لەگەل ئەو پاسدارە، یەکێتی نیشتمانییکرا وە بە بەشێک لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران.[3] وێدەچێ کە تالەبانیی و وەفدەکەی لە نیزامی حکومەتیی، قانونە ناودەوڵەتییەکان، قانونی ئەساسیی ولاتان، دابەش کردنی دەسەلاتەکان، ئەرک و سەڵاحییەتی کارگێڕانی دەوڵەت ئاگادار نە بوون.

پێوەندیی سیاسیی نەوشیروان مصطفی بە تالەبانیی و تەنزیمەکەیەوە دوای پلێنۆنۆمی چواری ینک کە لە ٢٩( تا ٣١ مانگی دەی ٢٠٠٩ ) کۆتایی پێهات.لەو پلێنۆمەدا تالەبانیی لە ئاوڕدانەوەیەکی کورت بۆ سەر رابردووی ینک و باس کردن لە سیاسەتەکانی تەنزیمەکەی،سەرکەوتن و تێشکانەکان، نەوشیروان مصطفی ئەمین کەسایەتیی ژمارە٢ ینک ی بە خولقێنەری زەمینەی کارەساتی هەلەبجە بۆ جینایەتکارانی بەعس تۆمەتبار کرد. پازدەرۆژ دوای ئەو رووداوە، نەوشیروان مصطفی ئەمین لە داکۆکیینامە یەکدا بە ناوی "لەهاوخەباتیەوە بۆ تەخوین" تالەبانیی و وەفدەکەی بە دەلیلی ئیمزای رێکەوتننامەی مانگی دەی ١٩٨٦ لە تاران لەگەل پاسدار باقری ذوالقدر، بە زەمینەخولقێنی کارەساتی ئەنفالەکان، "کیمیا بارانی هەلەبجە"، و باقی تێشکانەکانی تەنزیمەکەی بۆ کارگێڕانی رژیمی صدام تۆمەتبار کرد.

سەرنجراکێش ترین خاڵی ئەو داکۆکیینامەیەی نەوشیروان ئەمین کە تالەبانیی بە تاوانباربە کوشتنی (تاک یان کۆمەڵ ) کردبوو ئەو دێرەبووە کە نووسیبووی : "ئەشی کوژێ و بۆشی ئەگری". کەسایەتیی ژمارە٢ ینک دیاریی نەکردبوو کە سەرۆکی تەنزیمەکەی کێیکوشتبوو و کەی کوشتبووی وبۆچی بۆی گریابوو؟! بەو پێیە هەردوو کەسایەتی سیاسیی ینک دانیان پێداهێنا کە خۆیان زەمینە خولقێنی ئەو کارەساتانە بۆ جینایەتکارانی رژیمی صدام بوون. بۆ خوێندنەوەی مێژووی رێکەوتنەکانی سەرانی تەنزیمی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بروانە لاپەرەکانی ژمارە ١٠٢– ١٠٣–١٠٤– ١٠٥–١٠٦ کتێبێ خولانەوە لە بازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی ئەمین، چاپەکانی یەک و دوو ساڵی ١٩٩٩ لە بێرلین وشاری سولەیمانیی. کرتە بۆ ئێرە بکەو Ctrlدابگرە

یەکێ لە بەندەکانی ئەو رێکەوتنەی ١٩٨٦ سەرۆک تاڵەبانیی و وەفدەکەی لەگەڵ باقری ذوالقدر، کردنەوەوەی ناوندێکی جاسوسیی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و وەزارەتی " اطلاعات" لە گوندی چۆڵکراوی یاخسەمەر واتە ناوەندی یەکێتیی و شوێنی ژیانی سەرۆک تاڵەبانیی بووە.

یاخسەمەر گوندێکی چۆلکراوی نزیک بە سنۆری رۆژهەلاتی کوردستان، چەند کیلۆمیتر دوور لە گەورەدێ( ناوەندی حدکا و دەفتەری سیاسیی و شوێنی مانەوەی د.قاسملوو ود. شەرەفکەندیی ) بوو. لەئەندامانی سەرکردایەتیی تەنزیمی یەکێتییدا تەنیا تاڵەبانیی لە یاخسەمەر دەژیا. تالەبانیی بە گوێرەی نووسینەکانی مصطفی ئەمین ئەندامانی دیکەی ینک ی هەرکام لە شوێنێکی دیکە نیشتە جێ کردبوو. لەئەندامانی سەرکردایەتیی ینک تەنیا تالەبانیی لەگەل محمد جعفری صحرارودی لە پێوەندییدابووە.) محمد جعفری صحرارودی کوڕی عباس لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٦ (١٣٣٥) خەڵکی شیراز بووە. ئە و تێرۆریستە لە باشوری کوردستان لەلایەن تالەبانییەوە بە برادەر رەحیمیی ناودێرکراوە.

1 http://ebooks6.com/Bani-Sadr-deposition-UNITED-STATES-DISTRICT-COURT-FOR-THE-SOUTHERN-download-w49457.html

2 خولانەوە لە ناو بازنەدا لاپەرەکانی ١٠١ تا ١١٤

3 کتێبی خولانەوە لە ناو بازنەدانووسینی نەوشیروان مصطفی لاپەرەکانی ١٠١ تا ١١٤ سالی ١٩٩٩ چاپی یەکەم و دوو هەم

## پسپۆڕیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و پێوەندییەکانی

مامۆستا حەسەنزادە بە گوێرەی تەزویرەکانی لە پێداچوونەوەکەیدا بە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، نیشانی داوە کە بۆ تەزویرو و گۆڕینی واقعییەت، هاوکات پسپۆڕێکی کەم وێنە و نەترس بووە. تەنانەت زاراوەوەیەکی تایبەتیی بۆ ئەو کارە ت پسپۆڕانەیەی خۆی دۆزیوەتەوە و شانازیشی پێوەکردووە. حەسەنزادە بە هۆی نەخوێندەواریی سیاسییەوە پێیوابووە کە سیاسەت بە مانای درۆکردنە و هەرکەس درۆی زلترو شاخداربکا ئەو لە هەموان سیاسییترە. سەرنجراکێشە کە جەنابیان بۆ ئەو کارەی کە تاوانبارانەیە وشەیەکی دۆزیوەتەوە کە بە "زاراوای سیاسیی "ناوبردووە. ناوبراو لە باسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە سایتێکی ئینترنێتیی تایبەت بۆ تەزویرەکانی خۆی بە ناو ی "رۆژهەڵات تایمز" لە سێپتامبری ۲۰۱۳، باسی لە تەزویرێکی خۆی بۆحیزبە سیاسییە ئێرانییەکان و کۆماری ئیسلامیی بۆ شاردنەوەی واقعییەتێکی مێژوویی کردبوو. وێنەی ئەوبابەتە تەزویر کراوەش بە قەلەیمی خۆی لەوتێکستەی خوارەوەدا بخوێنەوە!

> 4- خەلک ماون کە دەزانن سالی 1363 بە پێشنیاری منو پەسندی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکرات ڕۆژی 26ی سەرماوەز بە ڕۆژی پێشمەرگە دانراو دواتر لە کومیتەی ناوەندییشدا پەسند کرا. بەڕاستی ئەو کات ئەمن نەمدەزانی کە شارەبانی مەهاباد لەو ڕۆژەدا تەگیراوە. بەڵام لەوە غافل نەبووم کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانە. بۆیە دوای ئەوەی زۆر ڕۆژی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە شەڕ دەگەڵ لەشکریانی کوماری ئیسلامیدا پێشنیار کران و لەبەر ئەوەی ئەوەک هێزەکانی دیکەی پێشمەرگە بە غەدر لەخۆیانی بزانن پەسند نەکران. ئەمن گوتم ڕۆژی 26ی سەرماوەزی 1324 هەم ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستانەو هەم ڕۆژی یەکەمین عەمەلیاتی ئەو هێزەیە کە دواتر ناوی هێزی پێشمەرگەی لەسەر دانرا. کەوایە با ئەو ڕۆژە دابنێین چونکە پێشمەرگەی هیچ ناوچەیەک و هیچ هێزێک بە غەدر لە خۆیانی نازانن. هەر لەوێشدا گوتم بو ئەوەی هەڵلای حیزب و ڕێکخراوە ئێرانییەکانیشی لەسەر ساز نەبی، لە دەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵا ناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسیدا دەڵێن "مشکی تێدا دەکوژین". ئەوە بوو کە دەفتەری سیاسی پەسندی کردو دای بە کوبوونەوەی کومیتەی ناوەندی و لەوێشدا بەتێکرای دەنگ پەسند کرا.

## تەزویر بۆ شاردنەوەی واقعییەت لە هەڵکردنی ئاڵای کۆماردا

لە دوای ئێعدامی سەرانی کۆماری کوردستان، حیزبی تودەی ئێران حیزبی دێموکراتی کوردستانی قوتدا و سەرانی ئەو حیزبە، واقعییەتی وجودیی کۆماری کوردستانیان لە خەلکی کورد و گەلانی ئێران شاردەوە. لەو کاتەوە، رێبەرانی ئەو حیزبە کۆماری کوردستانیان بە ناوی حکومەتی خودموختار، کۆماری مەهاباد و حکومەتی ئەیالەتیی و دەولەتی خودموختاری کوردستان ... پێناسە کردووە. کەسانێک کە دواتر لەسەر ئەو کۆمارە شتێکیان نووسیبێ لەچوار چێوەی تەزویرەکانی حیزبی تودەی ئێران دەرنەچوون.

دۆزرانەوەی ۹۳ ژمارەی "رۆژنامەی کوردستان"ی سەردەمی کۆمار لە کتێبخانەی بنەماڵەی رەوانشاد رەشید باجەلان لە بەغدا و رێگەدان بە چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو بەڵگە مێژووییيانە بە هیممەتی خاتو بەهاری کچی ئەو نیشتمانپەروەرە و چاپکردنەوەیان لە لایەن دەزگای چاپی ئاراس و "بنکەی ژین"ە وە، کۆتایی بە هەموو تەزویرەکانی ٦٢ سالەی گروپە دژبەرەکانی کۆماری کوردستان ( لەسەروی هەموانەوە لایەنگرانی نیزامیی پاشایەتیی، کۆماری ئیسلامیی، حیزبی توده، فیرقەی دێموکراتی ئازەربایجان، کۆمەلە جۆراوجۆرەکانی دەسکردی یەکێتیی تووەوە لە ناو شونیستەکانی فارس و بە تایبەتیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و باندە ئێرانچییەکەی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران هێناکە سەرچاوە و پاڵپشتی هەموو تەزویرکارانی دژ بە کۆماری کوردستان بووە.

دوای ئاشکرا کردنی تەزویرەکەی کەماڵ فوئاد ( تەزویری بەڵگەنامەی راگەیاندنی دامەزرانی حیزبی دێموکراتێ کوردستان و ژیاننامەی تالەبانیی) و چاپی ئەو تەزویرە لە لاپەرەکانی ئاخری ۹۳ ژمارەی رۆژنامەکانی کوردستانی سەردەمی کۆمارلە سالی ۲۰۰۷لەلێکۆلینەوەیەکی ۵۲ لاپەرەیی خاوەنی ئەم دێرانەدا واقعییەتی شاراوە و تەزویرکراوی کۆماری کوردستان سەلمێندرا. بروانە rojikurd.info مەلا عەبدوللای تووەوە لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانو زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی و هاودەستەکانی نە هەر بێدەنگەیان لەو تەزویرەی کەماڵ فوئاد کرد، بۆ پشتیوانیی کردنی ناوبراو زۆری هەوڵ دا و خۆی لە ۲۰۱۳ تەزویرێکی دیکەی کردو ناوێکی پڕ بە پێستی بۆ ئەوکارەی خۆی و نووسراوەکانی دیکەی دۆزیەوە. ئەو چیرۆکە تەزویرییە وناوە پڕبە پێستەکەشی لەو وێنەیەی سەرەوەدا بخوێنەوە کە نووسیویە: ***...بۆ ئەوە هەڵلای حیزب و رێکخراوە ئێرانییەکانیشی لەسەر ساز نەبێ، لەدەرەوەی حیزب باسی هەڵکردنی ئاڵاناکەین و وەک لە زاراوەی سیاسییدا دەڵێن" مشکی تێدا دەکوژین".***

مامۆستا مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە سیاسەتکردنە کەی دا بە پێێ تەزویرەکانی لە کتێبی خولیاومەرگی رەحمانی کورد دانی پێدا ناوە کە لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ توناکردنی حدکاو کوشتاری سەدان ئەندامی حدکا و تێرۆری رێبەرانی حدکا هاوکاریی کردووە.. زۆرترین کاری سیاسیی ناوبراو تەزویر کردن و خۆی گوتەنیی: " مشک کوشتن" لە گێرانەوەی واقعییەتە مێژووییيەکانی" کوردستان بووە. هاوکاریی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە(لەگەل دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک )بەرادەیەک بووە کە علی فلاحیان لە ۳۰ ئاگوستی ۱۹۹۲ چەند رۆژ پێش تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا ئاشکرای کرد و گوتی کە: "تویژی سەرەوەی حدکای لەژێرچنگی دایە. هەربەو جۆرە دادئەستینی پەروەندەی تێرۆری میکونوسیش رایگەیاند : "لانیکەم جاسوسێکی دەزگای ئیتتیلاعاتی رژیم " لەناو ئەو سێ کەسە دابووە کە لە برلین لەگەڵ د.شەرەفکەندیی تێرۆرکران". بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بەشە و ناوی ئەو هاوکارەی اطلاعات لە کتێبی" ترۆر بە نام خدا " نووسینی پرویز دستماڵچی بە زمانی فارسیی و کتێبی ئەرتەشی تارمایی نووسینی ویلهێلم دیتڵ[4] لە دەقیقەی ۳۳ یوتیوب دا و وتووێژەکەی ناوبراو بە زمانی ئاڵمانیی لە فیلمی آرمان نجم بە فارسی ببینە و ببیسە![5]

---

4 https://www.facebook.com/permalink.php?id=281292485265014&story_fbid=527826087278318

5 http://www.iranroundtable.org/sites/default/files/pdf/terrorism.pdf

لێرەدا دەبێ وەبیری خوێنەری بێنینەوە کە نووسەری کتێبەکەی خولیاو مەرگی رەحمانی کوردخولیای کوردستان، زمانی ئاڵمانیی نەزانیوە تا بتووانی راستەو خۆ زانیارییەکانی لە سەرچاوەی سەرەکییەوە( لێکۆلینەوەی پۆلیس و دادوەرانی لێکۆلینەوە و ئاگاداری رووداوەکە، ابولقاسم مصباحی) وەربگرێ. ئەو نووسەرە تەنیا ئەو بەشە لە زانیاریی کەسانێکی نووسیوە کە وتویژی لەگەل کردوون. ئەوکەسانەش زانیاریی "مشک تێداکوشتوویان " لە رووداوەکە بە نووسەری کتێبەکە داوە. بە تایبەتیی مەلا عەبدوللا ئەوەیکە بۆ نووسەری باس کردووە لە پێداچوونەوە کەی بە دەقەکوردییەکەدا خۆی سانسۆری کردوون. هۆیەکەش ئەوە بووە کە هەموو زانیاریی ناوبراو ساختەو ناراست و تەزویرکراو بوون. لەبەر ئەوە بووە کە هەموو وتویژەکانی خۆی لەگەڵ نووسەری کتێبی خولیا لە دەقەکوردییەکەدا مقەستبڕکردوون.

بۆ خوێندنەوەی وتەکانی یەکێ لە و ئەندامانەی حدکا لە وتویژلەگەڵ کریس کۆچرا لەمەر هاوکاریی بێ سنوری تاڵەبانیی لەگەڵ سپای پاسداران و بەشدارییکردنیان لە نومایشی ساختەی مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بە ئامانجی ئیمزای ئاشبەتاڵی یەکجاریی بە حدکا بروانە ئەو سێ لاپەرەیەی ٢٨٨ و ٢٨٩ و ٢٩٠ کتێبی " جنبش ملت کورد و خواست استقلال نووسینی کریس کۆچێرا. ئەو کتێبە بە زمانی فەرەنسیی نووسراوە و وەرگێرانەکەی لە لایەن مامۆستا عزیز ماملییەوە کراوە بە فارسی. کرتە بۆ ئێرە و ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

سەرنجراکێشە کە لە رەوتی لێکۆلینەوەی دادگای میکونوسدا تەنیا دوو ئەندامی کارای حدکا بە ناوی شاهۆ حسینی و عبداللە عزت پور زانیاریی خۆیان بوێرانە بە دادوەرانی دادگای میکونوس راگەیاند بوو.

تەزویرێکی دیکەی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە

نمونەیەکی دیکە لە مشک تێدا کوشتنەکەی مەلا عەبدوللا شاردنەوەی واقعییەتێکی حاشاهەڵنەگر لە لاپەرەی ٣١٧ کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لە وتویژی مەلا عەبدوللا لەگەل کارۆل پرۆن هۆبێری نووسەری کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد بووە کە لە دەقەئینگلیزییەکەدا دەیخەینەبەرچاو. مەلا عەبدوللا خۆی لە دەقە کوردییەکەدا سانسۆری کردووە!

لەلاپەرەی ١١ دەقی ئینگلیزیی و شرۆڤەکراوەکەی لە لاپەرەی ٣١٧ دا ئەم دوو دێرە لە وتویژی مەلاعەبدوللاو نووسەردا بەم جۆرە نووسراوە :

11 Abdulla Hassan zadeh, interview with the author. Koye, Iraqi Kurdistan, July 2009. Hassan zadeh became secretary general of the KDOI in 1992; after Ghassemlou's successor Sadegh Sharafkandi was murdered in Berlin with three other Kurdish collaborators.

مانای ئەو دوو دێرە بەکوردیی ئەوەیە: مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە وتویژ لەگەل نووسەر( کارۆل پرۆن هوبێر) لە مانگی جولای ٢٠٠٩کۆیە ( باشوری کوردستان ) گوتوویە:

"حەسەنزادە لە ساڵی ١٩٩٢ دوای د.شەرەفکەندیی (جێنشینەکەی د.قاسملوو)کە لە برلین لەگەل سێ هاوکاری تێرۆرکران،بووە بە سکرتێری حدکا.!؟"

بۆ دیتنی ئەو سەرچاوەیە بروانە لاپەرەی ٣١٧ کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، خولیای کوردستان. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! ئەو وتەیەی مەلا عەبدوللا لە هێڵی ١ و ٢ ی لاپەرەی ٣١٧ دا ببینە!

ئەوەی مەلا عەبدوللا لەو بەشەدا کردوویە "کوشتنی مشک کەرویشک" بووە. مەلا عەبدوللا بۆ ئەوە ببێتە سکرتێری حدکا حازربووە دژی د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی و ئەندامانی حدکا و بە دژی بزووتنەوەی کورد هەموو جینایەتێک کە لێیان داواکردبێ و دژ بە کورد بووبێ بۆ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تێرۆریستەکانی سەر بەو دەزگایە و زانیاریی بکا.

مصطفی هجری لە ١٩٩٢ وە تا ١٩٩٥ و دوای تێرۆری د. شەرەفکەندیی سکرتێری حدکا بووە. مەلا عەبدوللا لە ١٩٩٥ کرابوو بە سکرتێری حدکا. ناوبراو بە نهێنیی و بە پشتیوانیی تالەبانیی پلانەکانی دژ بە حدکای بەرێوە بردووە. رەنگە ئەوەش لە بێ ئێرادەیی مصطفی هجریی یەوە سەرچاوەی گرتبێ کە هیچ هەڵوێستێکی دەرنەبرییوە. بروانە نامەکانی تایبەت بە تێرۆری ئەندامانی حدکا لەلایەن تاڵەبانییەوە کە بۆ مەلا عەبدوللا نووسراون و لە کتێبی پرسیارو وەلامەکەیخۆیدا بەناوی ئەزمونی خەبات چاپی کردوون.

نامەکانی تالەبانیی "بە نهێنیی، بە هێمنیی ، بە شێنەیی و بە خشکەیی بۆ "برای دێرین و هەڤاڵی تێکۆشەر مامۆستا عەبدوللای حەسەنزادەی بەرێز" نووسراون و تالەبانیی دوای ئامۆژگارییەکەی ئیتتیلاعاتی رژیم لە تاران لە ٩/٢٨/ ١٩٩٥ لاپەرەی ٢٩١ و ٢٩٢ مەلا عەبدوللای کردووە بە "هەڤاڵی تێکۆشەری بەرێزی ینک" واتە ئەندامێک وەکو ئەندامەکانی تەنزیمەکەی خۆی بووە و کاری پێئەسپاردووە. بروانە بەڵگەنامەی ژمارە ٣٢ نامەی جەلال تالەبانیی بۆ جەبار فەرمان لاپەرەی ٢٩٢ کتێبی شەری کوردستانی عێراق چۆن دەستی پێکرد و کێ لێی بەرپرسیارە! کرتە بۆ ئێرەو ئێرە بکەو Ctrl دابگرە! مەسەلەی تێرۆرو جاسوسیی کردنەکە و رایەڵکردنی تۆری جاسوسیی مەلا عەبدوللاو ئازادی کوری عەلی بالە بەتەنیا لە چوار چێوەی کاری مەلا عەبدوللادا بووە و نامەکان لەلایەن تالەبانییەوە سەبارەت بە "تەساهول" ( ئاسانکاریی و بە هێند نەگرتنی کوشتاری ئەندامانی حدکا بۆ مەلا عەبدوللا و بە نهێنیی نووسراون. جیالەمەلا عەبدوللا کەسێکی دیکە نە دەسەلاتی هەبووە و نە مەلا عەبدوللا بە ئەندامانی تیمەکەی راگەیاندبوون. بروانە کتێبی ئەزموونی خەباتی مەلا عەبدوللاحەسەنزادە و ئاورێک لە لاپەرەکانی ٤٣٦ و ٤٣٧ی ئەوکتێبە! کرتە بۆ ئێرە و ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

## برگەی شەشەم پیاوکوژەکان[ مرۆفکوژەکان ، تیرۆریستەکان] لاپەڕەی ٢٣١ ی دەقی ئینگلتزیی بەرامبەر بە ٢٥٦ی وەرگێردراوەکە بە کوردیی

لەو لاپەرەیەدا وشەی The Assassins کراوەتە سەردێڕ کە بە مانای مرۆڤکوژەکان، قاتڵ و تێروریستەکانە.

ریزبەندییەکەی تاڵەبانیی بۆ دابەش کردنی وتوێژکەران بە کوردو ئێرانیی، ڕەوتی لێکۆڵینەوە لە تێرۆری د.قاسملووو عەبدوڵلا قادریی ئازەری گۆڕی. ئەو ڕێزبەندییەی تاڵەبانیی کە ڕایگەیاند، بە ئەنقەست و بە بەربڵاویی پروپاگەندەی بۆ کرا، سەری لە دادوەران و پۆلیسی دادوەریی شێواند. خاتو کارۆل پرۆن هۆبێری نووسەری کتێبەکەشیان بە هەڵە بردووە. لە ئاکام دا کارۆل جیاوازیی ڕێزەکان و تەرکیبی "کوردەکان" و "ئێرانییەکانی هێنایە ناو دەقەکەیەوە و نووسی :کوردەکان و ئێرانییەکان لە ئۆدەیەکدا لەبەرامبەر یەکتر رۆنیشتوون و وتوێژدەکەن. نووسەر باسی لە وتوێژی مانگی دێسامبرو ژانویەی ١٩٨٩ نەکردووە.

ئەو دابەش کردنەی ==وتوێژکەران== بە "==کوردو ئێرانیی==" فێڵێک بووە بۆ چەواشەکردنی روداوەکە. لە واقیعدا ڕێزبەندییەکە لە دەوری یەکەم و دووهەم دا وەکو یەک بووە تەنیا ژمارەی بەشداران بۆ ئاسانکردنەوە تێرۆرەکە کەم کرابوونەوە. بەشدارانی وتوێژەکە لە دەوری یەکەم و دوو هەم بەم جۆرە بووە:

١– دوو نوێنەری کورد: د. عەبدوڕرەحمان قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی ئازەر.

٢– دوو ئێرانیی بەو ناوانەوە: – محمد جعفری صحرارودی، پاسدارێکی ئیتتیلاعاتیی سپای پاسداران نیشتە جێی یاخسەمەر ( ناوەندی ینک) و اجوادی ناوێکی راکردووکە هەوڵ نەدراوە ناوی راستەقینەی ئاشکرا بکرێ. اجوادی بەرپرسێکی ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ بووە. ناوبراو پرمەترسیترین کارگێری ئیتتلاعاتی سپای پاسداران لە ورمێ بووە کە تەنیا تاڵەبانیی، فازل ڕەسوڵ و براکانی ناسیبوویان و لەگەڵی لە پەیوەندییدابوون.ئەو تێرۆریستە لە کاتی چونی دا بۆ ڤییەن بە پاسپۆرتێکی تەزویرییەوە چووبوو. لەبەر ئەوە جیالە ناوی اجوادی کە بە هۆتێلەکانی دابوو پێناسەیەکی دیکەی ئاشکرا نەبووە.

٣–دوو ناوبژیوان : جەلال تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی+ دوو کەسی دیکە بەناوی خوسرەو خاڵ( کارگێڕێکی ئەمنییەتیی تاڵەبانیی ) و شازاد صائب ( نوێنەری تاڵەبانیی لە تورکیا کە چەند ساڵێک لەمەو بەر لە رواداوێکی لێخورینی ترومبیلدا فەوتی کرد. ئەم دوو کەسە نەزانراوە بۆچی لەلایەن تالەبانییەوە بردرابوونە ڤییەن. چونکە لە وتوێژەکاندا بەشدار نە ببوون. ناوبراوان لە ئاپارتمانێکی هۆتێل ئیدلهۆف لەگەل تاڵەبانیی و دوو ئێرانییەکە و نەوشیروان مصطفی لە یەک ئۆدە دا بوون. تاڵەبانیی و شازادو خوسرەو خاڵ ناوی خۆیان بە بەشیی میواندارییی هۆتێلەکە رانەگەیاندبوو. پۆلیس لە لێکۆلینەوە کانیدا ڕایگەندووە کە ٧ کەس لە یەک ئۆدەدا بوون کە تەنیا محمد جعفری صحرارودی، اجوادی و نەوشیروان مصطفی ئەمین ناویان لە دەفتەری هۆتێلەکەدا نووسرابوو. خەرجی مانەوەی ئەو کەسانە لە لایەن صحرارودییەوە درابوو.

تێرۆریستەکان( صحرارودی و اجوادی) لە خولی یەکەمی وتوێژدا لە لایەن تالەبانییەوە بە: نوێنەری نیزام، نوێنەری سەرۆکی پارلمان و نوێنەری دەوڵەتی ئێران بە دوکتور قاسملوو ناسێندرابوون. رفسنجانی لە دەوری یەکەمدا سەرۆکی پارلمان بوو. لە قۆناخی یەکەمدا تاڵەبانیی و نەوشیروان مصطفی بە ناوی ناوبژیوان لە کۆبوونەوەکاندا بەشدار ببوون. نەوشیروان مصطفی ئەمین تا ئێستا باسی بەشداریی خۆی لەو روداوەدا نەکردووە.

وتووێژەکە بە شێوەیەکی ==خێڵەکیی، بێ بەرنامە، بێ نەزم و بێ وەبەرچاوگرتنی پرەنسیپێکی سیاسیی– ئەمنییەتیی== بۆ رۆژی یەکەم لە ماڵی لایەنگرێکی تالەبانیی لە شاری ڤییەن بە ناوی خەبات مارف بووە. بۆ رۆژەکانی دیکە ئەو وتوێژانە لە ماڵی فازل رەسوڵ و براکانی بەڕێوەچوو بوون. وتوێژەکان لە ٢٨ دیسامبر و ٣٠ دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ لە شاری ڤییەن کرابوون.

لە دەوری دووهەمدا کە لە رۆژەکانی ١٩٨٩/٧/١٢ و ١٩٨٩/٧/١٣ وتووێژکرابوون. تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لە وتوێژەکان دا بەشدار نەببوون. لە جێی ئەو دووکەسە بنبێلاو فازل رەسوڵ قەرار بووە بەشداری وتوێژەکان بن. لەرۆژی یەکەم دا کە وتوێژەکە لە ماڵی ژنەسیغەییەکەی فازل رەسوڵ بەڕێوە چووبوو بنبێلا بە گوێرەی وتەی د.کێسلێر و پرسو جۆکەی لە بنبێلا دەبێ لەگەل فازل رەسوڵ بەشدار بووبێ، بەلام بۆ رۆژی دووهەم بە پێی پلانی لەپێشدا دارێژراو نەچووبووە شوێنی کۆبوونەوەکە. بنبێلا لە ٢٠٠٩ لەوتووێژ لەگەل کارۆل دا باسی ئەو ئۆدەیەی کردبوو کە کرابوو بە شوێنی تێرۆرەکە. واتە بە شوێنی تێرۆرەکەی زانیبوو. د.کێسلێر بەرپرسی یەکەی دژەتێرۆر لەیەکەم پرسو جۆی لەبنبێلا زانیبووی کە ئەو کابرایەش بەشداریی لەو پیلانەدا کردبوو.

لایەنێکی سێهەم لە دەوری دووهەم جیا لە بنبێلا کە باس کرا لە ئارادا بووە. ئەویش فازل رەسوڵ بووە. فازل رەسوڵ کەسێک بوو کە تالەبانیی لە دەوری یەکەمدا بە ناوی بادیگارد بە دوو چەکی ژنەکەیەوە هێنابوویە ناو کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بە دوکتور قاسملوو و عەبدولڵا قادریی یان بناسێنێ و بۆ دواتر متمانەی پێبکەن. فازل رەسوڵ بە ڕەچەڵەک کورد و کارگێری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و هاوکاری انصاری بەرپرسی ئەمنییەتیی باڵوێزخانەی ئێران لە ئوتریش و بەڕێوەبەری کاروباری تالەبانی و تەنزیمەکەی لە ڤییەن بووە. ناوبراو راهێنراوی تالەبانیی و حیزبولڵای لوبنان بووە و هیچ پێوەندییەکی سیاسیی، فەرهەنگیی،ئایینی و کاریی بە دوکتورە قاسملوو و عەبدولڵا قادرییەوە نە بووە و پێشتر لە وتوێژی خولی یەکەم د.قاسملوو نەیناسیبوو. فازل رەسوڵ بە پێچەوانەی راگەیەندراوەکەی تالەبانیی لەو وتوێژەدا لەریزی نوێنەرەکانی رفسنجانیی ( صحرارودی، اجوادی و بزرگیان ) دابووە.


ئەو ریزبەندیی و دابەشکردنە ناراستە لەلایەن تاڵەبانییەوە بە راگەیەنەرە گشتییەکان درا بوو. هەر ئەو ریزبەندییە ناراستە دەست و باڵی دادوەرانی ئوتریشی ئاواڵە کردەوە بۆ ئەوە رەوتی لێکۆلینەوەکەیان بگۆڕن. دادوەرانی لێکۆلینەوە بۆ روون کردنەوەی پەیوندیی فازل بە بالوێزخانەی ئێرانەوە و کرینی ئاپارتمانێیک بە ناوی بەرتیل بۆ بنبێلا لە چوون بۆ باڵوێزخانە خۆیان پاراست و لە ئاکامدا جینایەتکارەکانیان ئازاد کردن. دواتر دەچینەوە سەر ئەو بابەتە.

لە لاپەڕەی(٢٣١) ی دەقە ئینگلیزیی کتێبەکەدا کە لەسەردێری ئەو بەشەدا باس کرا، نووسەری کتێبەکە ( کارۆل پرۆن هۆبێر) هێندێک پرسیاری سەبارەت بە بردنی چەکەکان بۆ ئەو ئۆدەیە کە د.قاسملوو و عەبدولڵا قادریی تێیدا کوژران لە خۆی کردووە. ئەگەر نووسەر شارەزای زمانی ئاڵمانیی بووایە دەیتوانی وەلامی هەموو پرسیارەکانی و گرێ کوێرەی روداوەکە لە لێکۆلینەوەی پۆلیسی دادوەریی ئوتریشدا بخوێنێتەوە. نووسەر باسی لە دوو دەمانچەی Llama و Beretta و Submachine-gun کردووە. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە. وەرگێڕ ئەوچەکەی بە تیربارمانا کردووەتەوە. ئەوە تیربار نەبووە بەڵکو یوزییەکی پچووک بووە

تەنیا بەڵگەی ئەو "وتوویژەن" کە ئێرانییەکان و کوردەکان لەو رۆژە نەگبەتەی پێنجشەممە ی ١٣ جولای ١٩٨٩ان کە بەیەکەوە کردبوویان.

مەلا عەبدوڵلا وشەی پێنجشەممەی شومو نەگبەتی لە وەرگێردراوەکەیدا قرتاندووە. ئەو رۆژە بۆ مەلا عەبدوڵلا رۆژی گەیشتبن بە ئاواتی لەمێژینەوەی بووە. ناودەرکردن و بوون بە سکرتێری حدکا ئاواتی مەلا عەبدوڵلا بووە. ناوبراو ئەو دێرەی لەو وەرگێردراوە زیادکرووە و نووسیویە: "کەس نازانی لە کوێن". ئەو دێرەش جیالەوە کە زیادییە لە راستییش بەدوورە. مەلا عەبدوڵلاو کارگێرانی ئیتتیلاعاتی سپا و تالەبانیی و هاوکارەکانی زۆر باش دەزانن کە ئەو دوو تێرۆریستە لە کوێن. مەلا عەبدوڵلا دوای چوار هێڵ و نیوی دیکە دەخەتی لەو دەقەی ئینگلیزیی یەی کە لەو لاپەڕەیەدا لەبەرچاوە و بە رەنگی چێرەیی رەنگ کراوە مقەستبڕ کردووە. مانای بەشە مقەستبڕکراوەکە بەم جۆرەیە:

لەهەرحاڵدا ئەو وتوویژانە کە بە فارسیی بوون و کراون بە ئالمانیی، فەرەنسیی، سپانیۆلیی و ئێستا کراون بە ئینگلیزیی. وێرای ئەوە دەنگەکە زۆر نزم بووە، پچڕپچڕ بوون، ناوەرۆکی وتوێژەکان پساون نیشانەکراوەکان، پچڕ پچڕ بوونی دیالۆگەکان و تایبەتمەندییە کانی زمانێکی کە قسەی پێدەکرێ تائەو رادەیەکە لەگەل دەقەکە گونجاوە بە تەواوی نووسراوە. بەلام دەبێ کەم وکورتیی وێکچوویی لەگەل دەقە سەرەکییەکە وەبەرچاوبگیرێ. جیا لەوە شاهیدەکان لە هەوێڵدا نەماون و کاسێتەکان تەنیا بەڵگەن بۆ ئەوە نیشان بدەن کە ئەو رۆژە لە ئاپارتمانی ژمارە ١٢/٥ ی لینکە بانگاسە چی رووی‌داوە.



Chapter IX

Cobra II

✦

The night of the crime, even though the case did not belong to his jurisdiction, Oswald Kessler, Staatspolizei[*] chief of operational forces, arrived at number 5 Linkebahngasse. He studied the crime scene, the position of the bodies, entrusted some of the tasks to his men, and sent people out around the city to the small Kurdish neighborhoods in Vienna. He spent all night working on the crime.

Kessler was a man with the necessary reflexes to come up with clear conclusions about the scene in which he had found three bodies mowed down by multiple gunfire shots.

At 8:00 in the morning the following day, Friday, July 14, he informed minister of the interior Franz Löschnak, to whom he was answerable, that a political crime planned from abroad had taken place once more in Vienna. He told Löschnak that three Iranians had assassinated three Kurds.

That same Friday afternoon, Kessler would confide this conclusion to Susanne Rockenschaub-Rasul. Two days later, on Sunday, July 16, he would repeat without hesitation to Fatah, Mustapha, and Azad—leaders in the Kurdish community—the same opinion he had given the minister: "It is obvious what has happened here. Three Kurds have been assassinated by three Iranians who were there."

He told the Kurds that it was a political murder and he couldn't do anything. Nonetheless, despite the fact that it all seemed very clear, the obligatory discretion inherent to all law enforcement led him to moderate his expressions. Weeks later he would tell the attorneys who represented the relatives of the victims that his English was very poor and this conclusion was all a misunderstanding.

259

وتوێژەکان لە ئاخر دەمەکاندا ئەو واقعییەتە نیشان‌دەدەن کە وتوێژەکە تەنیا داوێک بووە بۆ کوشتنی د.قاسملوو. لەبەشەکانی دیکەدا ئێمە ئەو واقعییەتە بە پێی بەڵگەنامەکان دەخەینە بەرباس.

تالەبانیی و نەوشیروان مصطفی لەو وتوێژی دووهەمدا کە د.قاسملوو و عەبدوڵلا قادریی تێیدا تێرۆر کران بەشدار نەبوون. بەلام سوزانەی ژنی فازل رەسوڵ و بالوێزخانەی ئێران لە ئوتریش صحرارودی رایانگەیاندبوو کە تالەبانیی ونوێنەرەکانی ، کەمال فواد و فواد مەعسوم لە وتوویژی رۆژەکانی ١٢ و ١٣/٧/ ١٩٨٩ ئاگاداربوون. بەلام لە کات و شوێنی وتوێژەکان ئاگادار نەبوون. ئاگاداران دوای تێرۆرەکە تا ئەمرۆ واقعییەتی تێرۆری د.قاسملوویان باس نەکردووە. ئەوەی کە تالەبانیی باسی کردووە بەشێکی دەستکاریی کراوی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو بووە کە لە لایەن مەلا عەبدوڵلاو هاوکارەکانییەوە دراون بە تالەبانیی و بنبێڵلاو صحرارودی. بەڵگەی ئەو ئیددیعایە وتەکانی مامۆستا حەسەن شەرەفیی یە کە لە دەفتەی حدکا لە پاریس ئاماژەی بە تەلیسێک کرد و گوتی: تەلیسێک بووە و لە هۆو ئۆدەیە ... داندرابوو... بەلام ئەوەی کە ئەو ئاماژەی پێکرد ئەو تەلیسە پڕە نەبوو. هاوکارێکی بیجاریی مەلا عەبدوڵلا وژنە موجاهیدەکەی دەفتەری پاریس لەگەڕانەوەیاندا بەرە و ئیتیلاعاتی سپای پاسداران لە ئێران، دەبێ ئەرکی بردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەیان بۆ ئیتتیلاعاتی سپا بە جێگەیاندبێ. ئەگەرنا تالەبانیی و بنبێڵلا ئەو زانیارییانەی کە لە فەرەنسە و حەمامێکی گەرمی ئەلجەزایر بۆ رۆژنامە نووسە فەرەنسییەکە ونووسەرە سپانیۆلییەکە باسیان کردبوون لە کام سەر–*چاوە یان وەرگرتبوون؟!

## برگەی نۆیەم "ماری کوبڕای دووەم"

لەو بەشەدا باسێک لە مارو شتی وا لەئارادانەبووە. بروانە دەقە ئینگلیزییەکە! تەنیا وشەی Cobra نووسراوە و و ژمارەیII رۆمی لە پەنای نووسراوە. کوبرای ٢ چیروکی ناوخۆیی هێرشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق و داگیرکردنی ئەو وڵاتەیە : لە ٢٠٠٦ لەلایەن Michael R. Godronمیکائیل گودرون فەرماندەری نیزامیی بۆ نیویورک تایمز نووسراوە . بروانە ویکی پێدیا.

ئەو باسە پێوەندیی بە د. ئوسواڵد کێسلێر، سەرۆکی دژە تێرۆری ئوتریشەوە هەیە کە یەکەم کەسی خاوەن سەڵاحییەت بۆ روونکردنەوەی جینایەتی تێرۆری د.قاسملوو عەبدوڵلا قادریی و کوژرانی فازل رەسوڵ بووە.

لەم بەشەدا رێزمانی بەکارهێنراوی حەسەنزادە بۆ گێڕانەوەی روداوی تێرۆرەکە و شرۆڤەکەی لەگەل دەقی ئینگلیزیی کەی یەک گرتوونین

لە دێڕی دووهەمی لاپەڕەی ٢٥٩ دا باس لەوەدەکا کە د.کێسلێرلە Staastpolizei دا سەرۆکی هێزە عەمەلییاتیی پۆلیسی نیشتمانیی تایبەت بە دژەتێرۆر و دژە جاسوسیی بووە. بروانە لاپەڕەی ژمارە ٣٠١ مەلا عەبدوڵلا لە نووسینەکانیشیدا زەمانی کردەوەکان تێکەڵدەکا. لە خەتی ١٨ ی لاپەرەی ٢٥٩ ئەودێرەی خوارەوەی لە دەقە کوردییەکدا قرتاندووە:

The same pinion he had given the minister

ماناکەی ئەوەیە، ئەو ( د.کێسلێر) ئەو بۆچوونەی بە وەزیرکە راگەیاندبوو: مەلا عەبدوڵلا جیاوازییەک لە نێوان زەمانی رووداوەکان دانانێ ویەک دەست نین

لاپەڕەی ٢٦٠ پاراگرافی ١ هێڵی ٣ دەقی ئینگلیزیی بەرامبەر بە پاراگرافی ٣ هێڵی دوو لەو شوێنەدا کە نووسراوە : هەر لەوحالەدا، کوردەکان ئاشناکانیان[ دۆستەکانیان] دەگەڵ گیرو گرفت رووبەروو بوون: وەلامی بەدرۆی ئەفسەرە پۆلیسەکان و کاربەدەستانی وەزارەتی دەرەوە – لێرەدا دادوەریی و وەزارەتی ناوخۆیی سانسۆر کراون.

**زۆرترین و گرنگترین بەشی تەزویرەکانی مامۆستا مەلا عەبدوللا حەسەنزادە لە بەشەکانی دادێدا بخوێنەوە!**

**درێژەی هەیە.**

**٢٠١٦/١/١٧**

**بەشەکانی یەک تاسێزدەی ئەم لێکۆلینەوەیە لە سایتەکانی: پێشمەرگەکان، هەلوێست، رۆژهەلات بۆکان و رۆژی کورد ئینفۆ Rojikurd.info دا بخوێنەوە !**

**نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە سوپاسوێژی زەحمەت و دلسۆزیی بەرێوەبەرانی ئەو سایتانەیە و هیواخوازە نموونەیان زۆربێ!**

**– حەسەن ئەیوبزادە (گۆران)**



## برگەی نۆیەم
## ماری کوبڕای دووەم

شەوی جینایەتەکە، پۆلیسێک بەناوی ئۆسوالد کیسلێر، هەرچەند ئەو رووداوە پیوەندیی بە حەوزەی مەئموورییەتیەوە نەبوو، گەیشتە ساختومانی لینکیباهنگازی ژمارە٥. بەوردی چاوی بەشوێنی جینایەتەکەداو بە وەزعییەتی کوژراوەکاندا گێراو بەشێک لە کارەکەی بە پۆلیسەکانی ژێردەستی خۆی ئەسپاردو چەندکەسی دیکەی ناردە گەرەکی کۆمەڵە چکۆلەکەی کوردەکان لە ڤییەن. سەرانسەری ئەو شەوە خەریکی لێکۆلینەوە لە جینایەتەکە بوو.

کیسلێر پیاوێکی پۆلیسی یەکجار بەهۆش بوو زۆر زوو بە ئاکامێکی روون لە بارەی ئەو جینایەتەوە گەیشتبوو. لەو جینایەتەدا تەرمی سێ پیاوانی دۆزیبووە کە بە ژمارەیەکی زۆر گوللە کوژرابوون.

کاتژمێر هەشتی بەیانیی رۆژی دواتر، واتە رۆژی هەینی، ١٤ی ژووئیە، وەزیری نێوخۆیی، فرانس لویشناک ـی ئاگادار کرد چونکە لە بەرامبەر ئەودا وەلامدەر بوو. بەناوبراوی گوت جینایەتێکی سیاسی لە دەرەوەی ولاتدا دەستووری بەرێوەبردنی دراوەو لە ڤییەن بەرێوە چووەو بە لویشناکی گوت سێ ئێرانیی کوردیان کوشتوون.

هەر لەپاش نیوەرۆی هەینیدا، کیسلێر ئەو کارەی بەنهێنی بە سوورزان رەسوول راگەیاند. دوو رۆژ دواتر، یەکشەممو، ١٦ی ژووئیە، بێهیچ چەشنە دوودلییەک بە فەتاح

١


Standard
2010 / 7 / 4
Prunhuber, Carol, (2010), The Passion and Death of Rahman the Kurd: Dreaming Kurdistan, iUniverse, New York